
## هێمن بەرزنجی

# باخێک پەپوولەی شین




Scanned with CamScanner

**پێشکەشە:**

بەتۆ ...کەتۆیەکی تر نییە....
تۆ بێت.

Scanned with CamScanner

**ناوەرۆك**

باران.. هێمن تر دەبارێت......................... 9
گوتیان ببە بەعاشق......................... 13
شەقامی خۆشەویستیت......................... 17
من و چەترو شەقامێک......................... 21
گۆرانی بۆ ژنێک دەڵێم......................... 27
بیرم دەچێتەوە کێم......................... 33
کێ دەڵێ وشە ڕەنگی نییە......................... 37
دوو چەپک گۆرانی......................... 43
ژنەکان لەشێتەکان دەترسن......................... 49
باخێک پەپولەی شین......................... 53
من تارژەنێکی نامۆم ......................... 59
لەناو... تۆدا تەنیایم کوشت......................... 63
باخچەکانت پێچایەوە......................... 67
با... گەشتیارە.... دیلی مەکە......................... 71
ئاو بەدوای تینوێتیدا ڕادەکا......................... 77
ئەبیت بەخۆشەویستم......................... 83
خۆزگە......................... 87
نەوبووک......................... 89
بۆم مەگەڕێ......................... 91
باران......................... 95
گوڵهەتاو......................... 97
گومان......................... 101

Scanned with CamScanner

ئیتر تەواو........................................................................105
ئاگر...................................................................................109
خۆشەویست گیان.................................................................111
وێنە...................................................................................115
گۆڕستانەکان........................................................................117
باوکم..................................................................................119
تەمی مەرگ.........................................................................121
من دەستەکانم کۆنن.............................................................125

Scanned with CamScanner

نیگارا بەغەمزەی ئافاتی دڵ،چاوی بیمارت
ئەمان سەرتاقەدەم لەدووری نووری دیدارت
دەسا ڕوحمێ وەفادارم ، بەحاڵی داد و هاوارم
کە وەک بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت

**وەفایی**

قوربانی تۆزی ڕێگاتم، ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور!
ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواەو هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوزوور!

**نالی**

قوربانی روخت بم کە شکستی بە قەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە رەواجی بە شەکەردا
هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەسڵ و نیە ئەسڵی
کارت وەکوو دونیایە هەر ئەمرۆیە بە فەردا
مەقسوودی لە سەر کوشتنی عۆشاقی زەعیفە
وەختێ کە دەکا خەنجەری تیژی بە کەمەردا

**تاهیر بەگی جاف**



# باران.. هێمن تر دەبارێت

Scanned with CamScanner

دەمەوێت شیعرێکت بۆ بنووسم
ڕەش وەک چاوت
درێژ وەک قژت
بەرز وەک باڵات
ناسک وەک هەستت
جوان وەک ناوت
ئاڵ وەک لێوەکانت
نیان وەک میهرەبانیت
ڕووخۆش وەک ڕووخسارت
شیرین وەک قسەکانت

لەگەڵ تۆبم نەک من
شەقام دڵخۆش دەبێت
باران.. هێمن تر دەبارێت
با.. نەرم تر هەڵدەکات
درەخت سێبەری فراوانتر و
جوانتر خۆی دەنوێنێ گوڵ
ئێواران .. خۆر بەدەم گۆرانییەوە ئاوادەبێت
شەوان... ئاسمان خۆی دەڕازێنێتەوە بەتریفەی ئەستێرە
بەیانیان... چۆلەکە گۆرانی دەڵێت



Scanned with CamScanner

خۆشەویستیت بەس بۆ من نا
جەنگاوەرەکانی کردە دڵدار
جەلادەکانی فێری... میهرەبانی کرد
باخچەکانی سەوز تر و
سروشتی ڕەنگینتر کرد
کۆتری خستە گمەی گۆرانی
دەرگای لەسەر بولبولەکان خستە سەرپشت
باڵی فڕینی پێدانەوە بۆ دارستان

بەبێ تۆ دەکەومە ناو
چاڵی ون بوون
بەر دەستڕێژی غەم
باهۆزی سەرلێشێوان و
تێکشکانی وێنەی خۆم
ناتوانم بەدەنگی بەرز گۆرانیت بۆ بڵێم
بەبێ تۆ خۆم ناناسمەوە
وەک ئەوکەسەی یادگەی نەماوە
بۆ ناسینەوەی ئەڤینی
بەبێ تۆ هێمنی لەناوە کەمدا کۆچدەکات






دەمەوێت نامەیەکت بۆ بنووسم
بۆت پڕبکەم لە وشەو کورتە
ڕستەی درێژی
خۆشەویستم
خۆشەویستم خۆشەویستم
خۆشەویستم، خۆشەویستم، خۆشەویستم،
خۆشەویستم



Scanned with CamScanner



# گوتیان
# ببە بەعاشق

Scanned with CamScanner

دەمەوێت ببم بەموسا
بەعەساکەی دەستم
بۆ دووکاتژمێر بەختەوەری جیهانێک دروستبکەم
ئەوە یوسف نەبوو
من بووم کەوتمە بیری فەرامۆشییەوە
من جەستەم نیشتمانی خۆمە
سەرم خستۆتە سەرلەپی دەستم
دەڕوانمە ئەو هەموو فرمێسکە
بەناهەق ڕژاوانەم.

ئەوەی لە کەشتییەکەی نوح بەجێما من بووم
لەناو مەراقی ناداپەروەریدا خنکام
دواهەمین سەرباز من بووم
کەلەجەنگی ناو خۆی خۆمدا کوژرام
هەمیشە بیابانێک هەیە لەمندا
بۆیە ناتوانم بە تینوێتی گۆرانی بڵێم..
لەسەر کێلی هەر گۆڕێک
ناوی مردویەکتان بینی سڕاوەتەوە ئەوە منم



Scanned with CamScanner

ئەمشەو ئەستێرەیەکی کوژاوەم
باڵندەیەکی بریندارم
ئاژەڵێکی نەخۆشم
مرۆڤێکی ونم لەم جیهانە قەرەباڵغەدا
ئاینەکان... هاتن توشی گومانیان کردم
سیاسییەکان... درۆیان بۆ کردم
پزیشکەکان... نەخۆشتریان خستم.
ئەندازیارەکان... نەخشەکانیان تێکدام
دادوەرەکان... زیندانیان کردم
کچێک عاشقی کردم و ون بوو.

یەکەمین.. با..منی برد
یەکەمین...تیشکی خۆر منی سوتاند
یەکەمین... ئاو منی خنکاند
یەکەمین...ئاگر منی برژاند
یەکەمین... بەفر منی ڕەقکردوە
یەکەمین... چەقۆ منی بریندار کرد
یەکەمین... گولە بەر من کەوت
من دواهەمین مەراقخۆری ئەم سەدەیەم

گوتیان... ببە بەشاعیر بووم
گوتیان... ببە بەئەکتەر بووم
گوتیان... گۆرانی بڵێ بوومە گۆرانیبێژ
گوتیان... ببە بە عاشق دۆڕام.





# شەقامی خۆشەویستیت

Scanned with CamScanner

دەستت ڕاخە بۆ خۆشبەختی
بهێڵە با"خۆی بە سوڵتانت بزانێ
بەسەر فەرشی مۆری ڕۆحدا
وەک پەپولە لە سەر گوڵی چاوت
باڵی دانێ.

بهێڵە با لەدووکانی چاوەکانت
پەرداخی هەست پڕبکا لە نیگاو
بە لێوی ڕۆح نۆشی بکا تا مەستەبێ
تا ئەوکاتەی لە ڕۆخی شەقامی خۆشەویستیت
وەک سەرخۆشێکی لەپێکەو توو
پاڵدەکەوێ و تێر بەدنیا پێدەکەنی

عاشق وایە
ناسکە ڕۆحە وەک پەپولە
گرینۆکە وەک هەوری شەو
سەر خۆشیشە
وەک ئەو مەستەی بۆیەکەم جار دەخواتەوە.
بهێڵە باگوڵی خۆیت بۆ بڕوێنێ
با پێبکەنیت بۆ بچێنێ
بهێڵە باشەو ئەستێرەت بۆ دابگرێ
ڕۆژ گۆرانیت بۆ بخوێنێ

عاشق وایە
لەتۆی گوڵ
لە زەردەی پێش پێکەنین و
لەژێی ئای ئای گۆرانی
لەڕەنگی ڕووناکی ئەستێرە
جلی ئەڤینت بۆ ئەدروێ

خۆشەویستیت بووە بە بەرینی ئاسمانم
چاوەکانت ئەستێرە... و
ڕووخساریشت شەبەنگی مانگ
شەوگاری درێژ
بەناو باخچەکەدا دێم و دەچم
بیرت دەکەم......
شەو ماندووە وەنەوز دەدا
دەنگی جریوەی ئەستێرەکان کز کز دەبن
لە وێنەکەت ڕادەمێنم
با... یەک دێت و لەدەستمان وێنەت دەبا
لەبو لێڵی بەیاندا
دەنگت دەڵێت:
وریابە مانگ خەریکە ون دەبێت

ئای کە ئەو ڕۆژانە سەختن
کە نەدەنگت .
کە نەسیماو و نە پێکەنینت نابینم.
دەڕۆمە یادگە و جێژوان





ئەوان لەمن تەنیا ترن
بێناز ترن
بە هەڵەداوان بەرەو لات دێم
ڕێگا دوورە
ڕۆژگار ماندوو
دەنگێک دەڵێت:
پەلەترکە زۆر پەلەتر
دەخێراکە خەریکە خۆر ئاوا دەبێت.

سەیرن چاوەکانت
لەزارت زیاتر قسەدەکەن
لەزمانت شیرین تر دەدوێن.
کە بیری دەستگرتنێکت دەکەم
هەردە پەنجەم تینوو دەبن
دەستم بگرە
زەوی دەلەرزێت و
ئاسمان تووڕەیە
لە دەوروبەرم
جەنگ هەیە و دەترسم
من حەزدەکەم
لەگەڵ تۆدا هەر دووبارەی بکەمەوە
پێکەنین بەدەنگی بەرز
گۆرانی بەکۆرس
دەستت گرتن و پیاسەی ناو باخچە



Scanned with CamScanner



# من و چەترو شەقامێك

Scanned with CamScanner

هیچی نەگوت بەجێیهیشتم
ئەگینا من گیانی خۆم و
چاوەکانم پێ دەدا
دەستم بۆ پڕدەکرد لەگوڵ
دڵیم پڕ دەکرد لەخۆشی
***

بێدەنگ ڕۆیشت گوێی لێنەبوو
کە... با... گوتی:
جێم مەهێڵە گەمەم ماوە لەگەڵ پرچت
باران گوتی :
من و چەترو شەقامێک پیاسەمان ماوە لەگەڵت
کۆتر گوتی :
لەسەر دەستت مشتێ گەنمم پێبدە
بەگمە گم بۆت بخوێنم
گوێی لێنە بوو ، کە گوڵ گوتی :
من و شەونم و خۆرەتاو
دەستی تۆمان پێویستە تا شەنگی کەین باخچەکەمان
گوێی لێنەبوو کە پاساری جریواندی ، کە پەپوولە
هاواری کرد و
گوتیان مەڕۆ داوەتمانکە
ژوورت بۆ پڕەکەین لە سەماو گۆرانی



Scanned with CamScanner

فووله مۆمی خەمت دەکەین
کێکی شادیت لەگەڵ دەخۆین
ئەی فریشتەی خودای جوانی
***

هیچی نەگوت
ئاخر سوێند بێت بیگوتایە کەمن دەڕۆم.
بەچۆلەکەم دەگوت :بەجریوە جریوو بچنە سەرشانی
چەند تراکێک لە گۆرانی
مەڕۆ مەڕۆی بۆ بڵێن و دەرگای ڕۆیشتنی لێداخەن
کەروێشکم دەخستە سەر ڕێگای
لارە لارە گەمەی بۆ بکەن
تاژێوانی بکەنەوە
بتگوتایە کەمن دەڕۆم
درەختم دەکرد بەتکاکار
شەنگی باخم لێهاندەدا
تا ئینجانە سەر تاقەش دەهاتە گۆ
بانگی دەکرد ئاومان بدە ، دەست جوانیت پێمان بێنە
ئاخر بڕۆیت
سیس دەبین و وشک دەبین
لێرە بێ تۆ دواجار دەمرین
****

بەنهێنی جانتای بوونی پێچایەوە
ئەگینا من چۆن دەمهێشت ئاوا زوو بچێ
چۆن دەمهێشت ئاوا دوور بڕوا
چۆن ڕێگەم دەدا ون بێت
خەمەکانم دەکردە کۆڵ
چاوەکانی خۆم پێدەدا
پڕم دەکرد لەگۆرانی وخۆشی ئەفسوندەگی خودا
بێدەنگ ڕۆیشت
ئەگینا من لەبەرپێیدا خۆم ڕادەخست
دونیام پڕ دەکرد لە هاوار
چاوم پڕدەکرد لەگریان
خۆمم دەکرد بە پەرژین بۆی
تا نهێنی خۆشەویستی تیا حەشاربا
هیچی نەگوت
ئەگینا من ژینم لەگەڵ بەشدەکرد و نەمدەهێشت
بەتەنیا بڕوا.
هیچی نەگوت
ئەگینا من بووکە شووشە بۆ دەهێنا
جللەکانی لەبەر بکە سەرمای نەبێ
پرچەکانی بۆ دابێنە هەتا جوان بێت
شیری پێبدە بیخەوێنە زۆر لەمێژا
گڕوی خەوی لێنگرتوە.
دەمزانی کە دڵی نایە من و بوکەشووشەکەی جێبێڵێت
***

کزی دڵم
هەوار و نسێ، فێنکی گیانم
نووری ڕۆشنگەری چاوانم
نەدەبوایە بێدەنگ بڕۆیت
وا بەزووی من جێبێڵی
ئەی من چبکەم لەگەڵ کێدا
گەمە و شادی و گفتووگۆ بکەم
لەگەڵ کێدا فرمێسکی چاوەکانم ڕۆکەم
لەگەڵ کێدا بڕۆمە باخ
لە شەقامدا پیاسە کەم
تێر بەو دونیایە پێبکەنم
***

ئێستا ئیتر ئەو ڕۆیشت
ئەم شەوانە تاریک ترن
ئەمڕۆ ژانە غەمگین ترن
چاوەکانم لە گۆمی شڵەقاو لێڵ ترن
ئێستا ئیتر ئەم ژیانە پڕ لە نەهامەتی و خەمە
لە دەست سپی... شکسترن
چونکە تۆ نیت،
هەتا ژێ قسەکانت

وەک ئاوازی گۆرانییەک ڕامبژەنن
هەتا چاوەکانت چاوم پڕکەن
لە وردە نیگای شیرین
خەندە بکەم، تێر لەگەڵتا پێبکەنم
هەتا لە باخچەی ڕووخسارتا هەزاران وردەماچ بچنم
*****



# گۆرانی
# بۆ ژنێک دەڵێم

Scanned with CamScanner

جیهان لەمن بچووکترە...
من لەجیهان بچووکترم
سەرزەویم ئالۆز کردوە...
سەرزەوی مێشکمی ئالۆز کردوە
ژیان منی غەمگین کردوە...
من ژیانم غەمگین کردوە

من گۆرانی دەڵێم و تینویەتی دەریا دەشکێنم...
دەریا دەمم تەڕ دەکات و تینوێتیم دەشکێنێ
من گۆرانی دەڵێم " با" خۆی دەخزێنێتە ناو
هەناسەم هەناسەم خۆی دەخزێنێتە ناو... با.
ئەز گۆرانی دەڵێم و باران بەسەر مندا دەبارێت...
من بەگۆرانییەوە بەسەر باراندا دەبارێم

جیهان پڕە لەخۆشەویستی...
من جیهان پڕدەکەم لەگۆرانی خۆشەویستی
ژنێک بەعەزیەکی سوورەوە
لەپێش من و گیتارەکەم ڕاوەستاوە
من گۆرانی بۆ دەڵێم و
ئەو لێوی نزیک دەکاتەوە دەنگم ماچ دەکات
ئێوارەیەکی دڵتەنگی پایز
دەڕۆمە ژوورەکەم
لەبەردەم وێنەکەیدا دەوەستم

ژوورەکە پڕ دەکەم لە مۆسیقا
ئەو چاوەکانی پڕ دەکات لەچێژ و
ژوورەکە لەزەردەخەنە
لەبەر ئاوێنەکەدا دەوەستم
دەنگم بەرز دەکەمەوە گۆرانی دەڵێم
ژنێک وێنەی بەجێماوی منی ناو ئاوێنەکە
لەباوەش دەگرێت و سەما دەکات
شەوانە لەژێر ڕەهێڵەی باراندا دەڕۆم
بەگۆرانییەکی تەڕ شەقامەکە دەخوسێنم
دەنگم دەبێت بە دوو پێک ڤۆتکا
ژنێکی مەست لەودیوو شووشەی پەنجەرەی باڕێکەوە
بۆ لێک زەردەخەنە هەڵدەفرێنێت
باخچەیەک لەنجەولار پەخشدەکا

من پیاوێکی گۆرانی بێژم
گۆرانی بۆ ژنە خەمگینەکان دەڵێم
گۆرانی بۆ برسییەکان بۆ بێلانە
بۆ کۆترێکی نەخۆش... و
بولبولێکی باڵشکاو...
بۆ پشیلەیەکی بێچوو مردوو ..
بۆ سەگێکی بریندار و
ژنێکی تەنیا.

شەوێکی ساردی پایز
ژنێک لەباخچە بچکۆلەکەی ماڵمان دادەنیشێت
بەدوو گۆرانی ئەڤین
ئاگرێک لەبەردەمیدا دادەگرسێنم
شەوێکی ساردی زستان
ژنێک بەڕووتی لەناوجێگەکەمدا ڕادەکشێت
بەگۆرانییەکی گەرم دایدەپۆشم
ڕۆژێکی تازەی بەهار
ژنێک من دەبات بۆ دەشت
زەمیلەکەی دەستی پڕ دەکات لە گوڵ و گۆرانی
ڕۆژێکی گەرمی هاوین
ژنێکی ماندووی بەر هەتاوم
بەگۆرانی و ماچ فێنک کردەوە
من گۆرانی بۆ ئەفسەرێکی ژن دەڵێم
کڵاوەکەم دادەگرم
دەستم دەخەمە سەر سنگم و
سەرم دادەنەوێنم
جیهانی بۆ پڕ دەکەم لە سڵاو
لەسەر کەشتییەک گۆرانی بۆ ژنێک دەڵێم
ژنێک بانگم دەکات
گوڵی سەر چاکەتەکەم بۆن دەکا
پێم گوت : با پێکەوە دەم بخەینە دەمی ماسییەکان و

سەما لەگەڵ دۆلفینەکان بکەین
دەریا پڕ بکەین لە مرواری ماچ
ئاو بەخۆشەویستی ڕەنگ بکەین
گۆرانی بۆ بێچووە ماسییەکانی
ناو گەرووی نەهەنگەکان بڵێین

پێم گوت :با میهرەبانی بەشەپۆلەکاندا بنێرین بۆ
کەنارەکان
ئەو گوتی :
گۆرانی بۆ من و مانگ و ئەستێرە و دەریا و ماسی
بڵێ
من گۆرانی بۆ مانگ دەڵێم
دایکم دەڵێت:
ژنە عاشقەکان لەناو ڕووناکی مانگدا ون دەبن

من گۆرانی بۆ ئەستێرە دەڵێم
دایکم دەڵێت:
ژنەکان چاویان پڕە لەگوڵی ئەستێرە.
من گۆرانی بۆ دەریاو ماسی دەڵێم
دایکم دەڵێت:
ژنەکان لەناو دەریای میهرەبانیدا ماسی بەختەوەری
بەخێو دەکەن

من گۆرانی بێژم
لەسەر گۆڕستانەکان
گۆرانی بۆ ژنە عاشقە مردوەکان دەڵێم
ژنەکان بەگۆرانی ڕۆحیان شادە
من گۆرانی بۆ ئاسمان و خودا دەڵێم
لە نیوەشەوێکی بەهاردا

من تەنیا گۆرانی بۆ ژنەکان دەڵێم
ژنەکان... ڕقیان لە تاریکییە
ژنەکان...ڕقیان لەسێبەرە
ژنەکان... ڕقیان لەدیوارە
ژنەکان... ڕقیان لە شمشێرە
ژنەکان...حەزیان لەچاوەڕوانی نییە
ژنەکان... بەخەم دەتوێنەوە
ژنەکان... بەگریان جوانیان دەشێوێت
من گۆرانی بۆژنەکان دەڵێم
من لەگەڵ ژنەکاندا سەما دەکەم
با پیاوەکان چاویان پڕ بکەن لە باخچەیەک تەماشا
من ژنەکان داوەتی گۆرانی دەکەم
با پیاوەکان میوەی جوانی ژنەکان بخۆن
٢٠١٩



Scanned with CamScanner



# بیرم دەچێتەوە کێم

Scanned with CamScanner

هەموو ڕۆژێک بیرم دەکەوێتەوە من هەم
بەڵام هەر زوو بیرم دەچێتەوە کێم
هەموو ساتێ دەمەوێت ڕێگەکان ببڕم و بڕۆم
بەڵام هەر زوو بیرم دەچێتەوە و دەوەستم

دەمەوێت لەشوێنێکدا، بن پاسارێک، ژێر درەختێک
لەناو ئارامیدا پشوو بدەم
بەڵام هەرزوو لەبیرم دەچێت دانیشم

دەڕۆمەوە ناوخۆم و دەڵێم ئیتر دەبێت
بۆ لەمەودوا ئەوانەبکەم
بەڵام هەر زوو بیرم دەچێتەوە بیربکەمەوە

خۆم دەگۆڕم و دەڕۆمە بەر ئاوێنە
وێنەی ئەو دەهێنمە خەیاڵم و دەڵێم: ئیتر تەواو
بەڵام کە پێیدەگەم
هەر زوو بیرم دەچێت پێی بڵێم: خۆشم دەوێت.

ڕێگەکان درێژ و قاچەکانم کورت
ئاسمان بڵند و من قەزەم
گوێکان کراوە و هاوارم ون
دەریاکان فراوان و کەشتییەکەم وێڵ



Scanned with CamScanner

بەقاچەکانم دەمەوێت ئەم زەوییە تەیکەم
بەڵام ناتوانم
دەمەوێت ئەستێرە دابگرم و دەستەکانم ناگا
من وێڵم بە دوای دۆزینەوەی خۆمدا

هەموو ڕۆژێک دەمەوێت گۆرانیەک بڵێم
بەڵام هەرزوو بەخۆم دەڵێم
چۆن شیعرێک و پارچەیەک مۆسیقا و
ئاوازێکم دەست بکەوێت.

هەموو شەوێک دەمەوێت شیعرێک بنووسم
بەڵام هەرزوو تێدەگەم
مرۆڤ لەوە چیرۆکی زۆرترە .
لەوە بریندار ترە
لەناو ڕستەیەکدا ژیانی کورت بکەمەوە .

هەموو مانگێک دەمەوێت نامەیەک بنووسم
بەڵام هەرزوو بیر دەکەمەوە
بۆ ئەو
بۆ خودا
بۆخۆشەویستەکەم
یان....... ؟






ئێواران دەمەوێت خۆم بشۆم و
چڵک و مەراق و نامرۆڤیم پاک بکەمەوە
بەڵام هەرزوو بیرم دەکەوێتەوە
باران و ئاو کۆمەکم ناکەن .
***

٢٠١٩



Scanned with CamScanner



# کێ دەڵێ وشە ڕەنگی نییە

Scanned with CamScanner

شەقام یادگاری خۆی هەیە
باخچەش بیرەوەری
دەریاش گۆرانی
من لەبیرمە
ئەو ڕۆژەی باران بوو لەشەقامەکە ماچێکمان دانا
کە لەباخچە گەڕاینەوە لەسەر پەڕەی گوڵەکان
جێ پەنجەمان جێهێشت
لەسەر کەناری دەریاکە شیعرێکی ئاڵ وەک لێومان
هیچ کات جەنگ و شەر جوان نەبووە

هیچکات توڕەبوون و زویری خوێنشیرین نەبووە
هیچکات قومار دڵخۆشکار نەبووە
بەڵام کاتێک شەڕی دووری دەفرۆشیت و
جەنگی نەهاتن دەست پێدەکەیت
ماچێکی ئاشبوونەوە

بەهای جوانی دەدەی بەشەڕ
لەدوای هەموو توڕەبوون و زویریەک
باڵەکانم دەکەمەوە بۆ باوەشێک و
بەخشینەوە باخێک زەردەخەنە
ئیدی چی لەو قومارە دڵخۆشترە

کەجارێک من لەتۆ زیاتر لە خۆشویستندا
دوو دەست دەدۆڕێم و
جارێک من دە دەستت لێدەبەمەوە

لەناو لەپی دەستتدا قاوەیەک دەخۆمەوە
تاڵ وەک ڕۆژانی دووری تۆ
خۆش وەک ساتی پێکەوەبوون
گەرم وەک هەناسەت
ڕەش وەک پێڵوی چاوەکانت

با... فێربووە بۆنت دەدزێ
خۆر... فێربووە نوورت دەفڕێنێت
مانگ... فێر بووە جوانیت دەچنێت
من با و خۆر و مانگ و تۆ
پێکەوە دەبەم بۆخۆم

کێ دەڵێ وشە ڕەنگی نییە
کێ دەڵێ وشە دەنگی نییە
کێ دەڵێ وشە وێنە نییە
کێ دەڵێ وشە ناوی نییە
من شاعرێک دەناسم ڕەشتاڵە
خەیاڵی ڕەنگ کرد
گۆرانی کرد بەهێڵکاری
نیگارێکی نەخشاند







Scanned with CamScanner

من بەنەگیم نەزانییوە
دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە
جلم لەبەر خۆمدا نەهێشتم
خۆم ڕنییەوە
تۆ ئەزانی کە بەهار درەختی بەجێهێشت
تەنیا وەرزێک بەرگەی چاوەڕوانی گرت و
خۆی ڕووت کردەوە

ئەڤینی تۆ لەترۆپکی سەرمدایە
بۆیە جار جار کەدووریت و دەستەکانم
ناگەن بەوەی دەستت بگرن
ئاوزێی چاوم بەبروسکەی خەم دەتەقێ
تۆ چۆن لەبیرت کرد
گریانی کانییەک بۆ ئەوەیە
کە دوورە لەترۆپکی خۆشەویستی چیا



Scanned with CamScanner

درەنگ مەیە بۆلام

لەناو فەرامۆشیدا ونم مەکە

گۆرهەڵکەندەکە ڕاست دەکات

گۆڕستان پڕە لەگۆڕی

ئەوانەی بەتاسەی دیدار مردن

لەناو پەنجەکانتدا ڕادەکشێم

تا بۆشایەک نەمێنێتەوە

بۆ کونی نۆتە خەمگینەکانی شمشاڵێک

من بەختەوەریم

لەگەڵ پەنجەکانتا گرێداوە

لەناو چاوەکانتدا دەنووم

بەپێڵوەکانت داپۆشە

وەک ئەو شەوانەی لەلاتم

باوەشت دەبێتە کوخێکی ئەڤین

٢٠١٩



# دوو چەپك گۆرانی

Scanned with CamScanner

سەرم کردووەتە سەر سەرین،
ئەو خەمانە زۆر لەوە دژوارترن بهێڵن بخەوم.
بە ڕێگەدا دەڕۆم، کۆڵانەکان ناناسمەوە.
ڕێگەکان ون‌دەکەم.
کەسێک بانگمدەکات و ناونیشانی خۆمم لێدەپرسێت.
من هەم و نیم.
دەڕۆم و ناڕۆم.
دەوەستم و بەڕێوەم.
وەک ئەو ئاڵایەی بایەک دەیەوێت بیبات،
ستونێک گرتویەتی.
***

با، نایەتەوە بۆ ماڵەوە، من چیبکەم
باران ڕووخساری زەوی تەڕناکات. من بڵێم چی
جۆگە ئاو نابات بۆ درەخت. خەتام چییە
گۆرانی ناگاتە گوێی عاشق، بۆ تاوانبارم
دەرگا باوەش بۆ ئازادیی ناکەتەوە. چی بڵێم
دەستێک تەمی سەر پەنجەرە ناسڕێت.
دیوار ناهێڵێت گوڵی سەرفەرشەکان خۆر لێیبدات.
کەس نییە گیتارێکی بێناز بژەنێت!
کەس نییە دڵی باڵندەیەکی تەنیا بداتەوە!
من بۆ گوناهبارم؟
***

سێبەرێک لەگەڵ مندا دەڕوات و خۆی گەورەتر
نیشاندەدات.
ئەوە من نیم
خەیاڵێک لافی خۆشبەختیی لێدەدات،
هی من نییە.
کەسێک لە من دەپرسێت و من نازانم خۆم کێم،
شاعیرێکم لە ناو ئەم دێڕانە دا بوونم هەیە و
لەگەڵ دڵۆپەی باراندا ون دەبم.
***

دایکم مرد. ئاسمان گریا.
باوکم مرد. ڕەشەبا هەڵیکرد. تێکیشکاندم،
براکەم کەوتە نەخۆشخانە. ژیانم نەخۆشکەوت.
خوشکم دەستی بەگریان کرد و لافاو هەستا
ئەو دڵی تەنگ بوو. من کەوتمە ناڵەناڵ
لە کۆڵان منداڵێک خەریکە ون دەبێت،
لە ناو تەپوتۆزی ڕۆژگار،
لە دارستان، چۆلەکەیەک وێڵە بە دوای
هێلانەکەیدا،
کۆتر جێگەی شەوێکی ناکاتەوە.
لە ڕێگەدا پیاوێک دەکەوێتە ناو چاڵی مەراقەوە
دەشکێت.

من خەریکم لە سەرەتاوە ژیانی بۆ چاکدەکەمەوە.
دەمەویت ببم بە باخچە بۆی، بەڵام ناتوانم.
دەمەویت ببم بە ڕێگا بۆی، بەڵام دوورم.
دەمەویت ببم بە ئاو، بەڵام خۆم تینووترم.
دەمەویت ببم بە خۆر، بەڵام لە ژیانی ئەو تاریکترم.
دەمەویت ببمە هێلانە، بەڵام درەخت دەرم دەکات.
****

دەڵێم: زەوی هێندە فراوان نەبوایە،
مرۆڤ خۆشتر دەژیا، بەڵام هەڵەم.
دەڵێم: گەر قەرەباڵغی نەبوایە
مرۆڤ ئاسودەتر دەبوو، بەڵام ئەی تەنهایی
چ جەنگێکی پڕ لە کارەساتە.
دەڵێم: گۆرانیی مەرهەمی عاشقە،
بەڵام هەڵەم. ئەی برینی شاعیرەکان
نەبوون نووسرانەوە؟
دەڵێم: لە سەرەتای هەر وەرزێکدا ئومێدێک هەیە،
بەڵام هەڵەم.
هەموو ئەوانەی نائومێدبوون، زۆر ژیان.
هەموو ئەوانەی عاشقبوون، نەخۆشکەوتن.
هەموو ئەوانەی پڕ هیوابوون، زووتر پیربوون.
هەموو ئەوانەی دڵخۆشبوون، زووتر مردن.
***



Scanned with CamScanner

ڕۆژێک لە پاش تەرمێکەوە بووم
جەنگ نەوەستا.
لەسەر گۆڕی ژنێکی کوژراو، دڵتەنگبووم،
یاسا نەگریا.
ڕۆژێک بوومە پزیشکی بولبولێکی باڵشکاو،
سەگێکی نەخۆش،
مێرولەیەکی قاچپەڕیو،
ئاسکێکی بریندار،
بەر لەچارەسەر مردن.
شەوێک گوێم بۆ دەری عاشقێک گرت و
دەرمانخانەیەک نەهاتە دەنگ!
***

کە زستان سێبەری کوشت، خۆر بێدەنگبوو.
کە هەور ئاسمانی دابۆشی، مانگ هیچی نەوت.
کە پاییز درەختی ڕووتکردەوە، گیا خۆی لاڵکرد.
کە سوپا خۆی لە شەڕدا گیڤکردوە، گوللە
سەربازەکانی ماچکرد.
کە عاشقەکان بەجێهێڵدران، شێتخانەکان دەرگایان
کردوە.
کە مێروولەکان شارەکەیان خاپوورکرا، پەپوولە
سڵاوی لێنەکردن.
****

باوکە دەرگاکەم لێبکەوە، کەسانێک دەیانەوێت
هێمنییم تێکبدەن.
دایکە باوەشم بۆ والأبکە، ئاوارییم بەڕێوەیە.
خۆشەویستم دەستم بگرە، لیتە دەیەوێت لە ناو
خۆیدا نوقمم بکات.
من دەمێکە سێبەری خەنجەرەکان بریندارم دەکەن.
دەمێکە لولەی تفەنگ چاوم لێ سووردەکاتەوە.
دەمێکە ئاگر چاوبڕکێم لەگەڵ دەکات.
دەمێکە تۆش دەڵێیت دێیت و نایەیت.
دەمێکە خەمێکی چوارشانە لەکۆڵم دایە.
***

سەرم کردووەتە سەر بالیف و
دەمەوێت خەم لە بێتاقەتیی دەرکەم.
ئازار دابەشی ڕۆژەکانم بکەم بۆ یەکسانبوون.
دڵخۆشیی لەگەڵ خۆشبەختییدا کۆبکەمەوە
بۆناو ساتەکانی داهاتوو.
دەمەوێت دوو چەپک گۆرانییت بە دەنگمدا بۆت بنێرم

٢٠١٨



Scanned with CamScanner



# ژنەکان
# لەشێتەکان
# دەترسن

Scanned with CamScanner

ژنێک لەسەر سیلەی کۆلانەکە یە
با...گەمە لەگەڵ پرچەکانی دەکا
خۆر ڕووخساری شەنگتر دەکات
ڕێبوارەکان بەدەم تەماشا وە دەهێنێتە زەردەخەنە
ئەو من دەناسێت شاعیرم
دەزانێت هێندە نابات
بانگی دەکەمە ناو شیعرەکانم
لە شەقامەکانی سۆزدا پیاسە دەکەین
لەژێر درەختی میهرەبانیدا ژووان دەبەستین
لەباخچەی ئەڤینی شیعردا
تۆی گوڵ دەچێنین و گۆرانی دەڵێین.
من ئەو ژنە دەناسم.
ژنێکە لە میهرەبانی دا حەواو
لە جوانیشدا گوڵە گەنمی شارەزوور

پێیان گوتم:تۆ دزیت
کاتێ ڕووخسارتم دزی و
وێنەکەتم لەسەر بۆردێک کێشا
پێیان گوتم: جەللادیت
کاتێک هاتیت و
بەر دەستڕێژی گوڵ و ڕەهێڵەی ماچم دایت



Scanned with CamScanner

بەتاوانی... سەرنج ڕاکێشان
بەتاوانی... بەخشی زەردەخەنە
لەترسی دزینی دڵت
لەترسی هەموو ئەو پیاوانەی لەمن جوانترن
لەترسی ئاوێنە وێنەت دەگرێت
دەتفرێنمە ناو دڵم و ونت دەکەم.

شەوێک خۆم فرێدایە ناو هەناسەت
بووم بەکانیاوێک عەتر
شەوێک خۆم هەڵدایە مەشخەڵی چاوەکانت
بووم بە باوەشێک گڕ
ئەمڕۆ لە ئاهەنگەکەدا
خۆم لەخومی کراسەکەت هەڵکێشا
بوو بە ئەستێرەیەک و درەوشامەوە

لێو بارهەڵگری جەستەیە
ماچەکانت دەگوێزێتەوە بۆ ناو دڵم.
چاو قاسیدێکی خێرایە
بەدەمارەکانمدا ڕووناکی دەبات
بۆ ناو ڕۆح
ئەرکی من ئەوەیە تۆ بیبەمەوە ناو خۆم.
تا شەوانە تەنیا نەبم.



Scanned with CamScanner

ڕۆژێک گوتت: ئەو هەموو خۆشەویستیە چییە؟
گوتم : من بەنداوی تۆم
تۆش لافاوی ئەڤین
ڕۆژێک گوتت: بۆ من کێیت؟
گوتم : گەڕیدەیەک
کە بەدوای جوگرافیای تۆدا وێڵە
شەوێک تۆم خەواند و تەماشام کردیت
شەوێک پرچەکانتم شانەم کرد
شەوێک خەوتیت و سەراپا خۆت و
جلەکانتم ماچ کرد
تۆ کە دەنویت مرواری دادەپۆشێت

من شاعیرم
ئێشم وێنە چنی جوانیتە
لەگەڵ تۆبم
دەتوانم ژیان دروستبکەمەوە
وەک ئەو ژنەی لەناو کەشتییەکەدا
لەگەڵ نوح بوو
دەتوانم بگەمە بەهەشت
گەر بە ماچ چیایەکی هەور بڕ دروستبکەین.
شاعیرەکان شێتن
کەس دان بەو ڕاستییەدا نانێت
تکایە منیش نامەوێت بڵێم ڕاستە
ژنەکان لە شێتەکان دەترسن

٢٠١٤



# باخێك
# پەپوولەی شین

Scanned with CamScanner

گوتم: دەفڕژەن دونیام پڕکە لەسەرمەتی و
حاڵ و زیکری فەنابوون
شەوم ڕۆشنکە بەدەنگی ئاوازی پەنجەکانت
مەستم بکە بە شەرابی نیگاو زەردەخەنە
گوتم: دەفڕژەن بمهێنە جۆش
منی دەروێشی ڕێی تۆ
وتی:ئێستا زووە دەمت بخیتە ناو خونچەی دەمم
پەنجەت شانە بێت بۆ پرچم
گوتم: ئەی کەی
گوتی: شێتە نابێ جارێ.

گوتم :کەدێیت با"ی هەناسەت
بەهار بە گوڵەوە دێت و
با"ی شەماڵی هەناسەشم سەرپۆشە کەت لێدەفرێنێ
گوتم. کەدێیت مشتێ خۆشی دەخەیتەناو قوڵای دڵم
ڕووناکیم تیا بەخشدەبێت
گوتم :وەرە هەتا بەیانی سەرکەمە سەر ڕانت
گوتی: چ پەلەتە
من دنیات بۆ پڕدەکەم



Scanned with CamScanner

لەبارانی خۆشەویستی و لە تەرزەی ماچ
بەڵام بۆستە نابێ جارێ.

گوتم: بمخە ناوخۆت
وەک ئەو نەهەنگەی یونسی خستە ناو خۆی
وەک بەرامەی کراسی یوسف
کەبینای بۆ چاو گەڕانەوە
گوتم: لەتەک خۆتدا دام بنێ
دەستەکانم پڕکە لەگوڵی ڕووت
چاوم پڕکە لەتەماشات
باڕووت بین لەژێر ڕووناکی مانگدا
وەک دوو ئەستێرەی سەربانی
ماڵێکی پڕ خۆشەویستی
گوتی :هەر ڕووت دەبین
سەرجێگامان دەکەین بە باخچەیەک لەچێژ
لەگوڵی مەستی پێکەنین.
لە شیلەی ڕژاوی ئەڤین.
بەڵام ئێستا نا... ئەی سەد دڵم.
وتم :ئەی کەی
گوتی: نابێ جارێ.





گوتم.. جوانی ئەی لەجوانی سەدجار جوانتر
میهرەبانی ئەی هەزار جار میهرەبان تر
ناسکی ئەی سەد بارتەقای ناسکتر
گوتم: یەک شەو بخمە ناو دەریای چاوانت
سەرم بخە سەرکۆشت و بڕژە ناوم تاڤگەی پرچت
گەزۆی لێوت بتوێنەوە... تک ..تک بۆ ناو زارم
گوتم. بەدیاری چاوی خوداوە
لێک دەئاڵێن کاژی ڕقمان فڕێدەدەین
گوتی :حەزدەکەم لەسەر چیمەنی سنگت
هەواری جەستەم هەڵبدەم
پەپوولەی ماچ لەسەر گوڵی لێوت هەڵنیشێنم..
گوتم. بەڕاست ئەی کەی گیانە
گوتی:پەلەت نەبێت خۆ من هیتۆم
بەڵام نابی جارێ.

گوتم: دێم و لەناو گەرمەسێری دڵت دەبم.
لەسیروانی چاوەکانتا تاسەی تینوێتی دەشکێنم
گوتم: دێم و لە کەناری بەختەوەریت
دەستەکانم پردەکەم لەنەرمە ئێسکی پەنجەکانت
گوتم: دێم و لەتریفەی نیگاکانت
بەرچنەیەک پردەکەم لە خۆشاوی خۆشەویستیت
گوتی :زووکە ئێستا وەرە

گوتم: دێم ولە بەژنی ئاهو ئاسات
وەکوو لاو لاو لێت دەئالێم
سەرپۆشەکەت دەکەین بەکەپرو
سێبەری پڕدەکەین لەوردە ماچ
گوتم: دێم دەڕۆینە ژێر درەختێک
پێدەکەنین تا چۆلەکە دەنکۆڵەی
پێکەنینمان دەچنێتەوە
لقی سەرمان گەڵای ماچ دەگرێ
گوتم: دێم وباسی دووگۆرانیت بۆ دەکەم
کەپرە لە ئاوازی ، خۆشەویستی
بەرامەی جوانی
گوتی: وەرە ئێستا وەرە

گوتم بۆ تۆ...
باخ بە گوڵەکانەوە دەهێنمە ژوورەکەم
ماڵەکەم پڕ دەکەم لە جریوەی گۆرانی و
قسەی دڵ
دڵم پڕ دەکەم لە پۆلێک چۆلەکە و
هێلانەی دوو کۆتری دڵدار
لە باخێک پەپوولەی شین

جگە لەتۆ
کەسێک نییە بانگم بکات
گوڵی ئارەزووەکانم بچنێ
لەودیوو تۆوە کەسێک نییە
حەزی گۆرانییەکم بداتێ بۆ چڕین
ئەوانەی هەن
تارماییەکی بەر پەنجەرەیەکی تەمگرتوون

٢٠١٨



Scanned with CamScanner



# من تارژەنێکی
# نامۆم

Scanned with CamScanner

لەمنداماڵێک هەیە... بێبەختی
کۆڵانێک هەیە....دڵ تەنگی و
شارێک هەیە شێواو چۆڵ
دڵێک هەیە ون لەتەمدا

لەمندا
مۆسیقایەک هەیە... بەئاوازی خەمگینی و
گۆرانییەک.... بەچڕینی دەردە دڵ
من تارژەنێکی نامۆم
بەئاهەنگی سەماکان

ئەم ڕۆژانە بۆمن باش نین
کە تاریکی
بەخۆی ڕووپۆشی کردووم و
ڕۆشنایی لەناومدا کوژاوەتەوە
ئاگرێک بە"با"ی، خەمەوە لەبالآمەوە هەڵیکردوە
تاسوتانم ناکوژێتەوە

بێهودە

سەربەهەموو کوچەکانی بوونمدا دەکەم
بەشی زەردەخەنەیەک
دڵخۆشیم دەستناکەوێت
بەشی دەرباز بوونێک
تولەڕێیەک نادۆزمەوە
خراپ کەوتومەتە ناو دەستاڕی ژیانەوە
بەچاوێک... بەدوایدا دەگەڕێم و
بەچاوێک.... بارانم خۆشناکاتەوە
من لەسەدەیە پەستم و
بەکەڵکی ژیانی ئەم سەردەمە نایەم
قێز لەم ڕۆژانە دەکەمەوە
کە بێ تۆ تییان دەژیم .

٢٠١٨





# لەناو... تۆدا
# تەنیایم کوشت

Scanned with CamScanner

پیش تەنیایی... تەنیابووم

بەر لە بێدەنگی... بێدەنگ بووم

بەر لەڕێبوار... پیادەبووم

پێش تاریکی... شەوبووم

لە ناو غەمگینیدا... خەم بووم

لە ناو شەقامدا... ڕێگا بووم

لەناو گریاندا... فرمێسک بووم

پێش پەناهەندەی... غەریب بووم

بەر لەبوونی باران... گریان بووم

بەر لەدڵ... دڵتەنگی بووم

بەر لەشیعر... دەردە دڵ بووم

پێش مردن... من کوژرام

پێش پێکەنین... من تۆرام



Scanned with CamScanner

بەڵام ئێستا ئەی گوڵی بەر بارانی وەرزی عیشق

لەناو... تۆدا تەنیایم کوشت
لەناو... قسەکاندا دەنگ هاتە بوون
لەناو...ڕێگادا دووکەس و چەترێک خۆشەویستین
لەناو... تاریکیدا نوور بەخش دەکەم
لەناو... غەمگینیدا پێکەنین بەشدەکەم
لەناو... گریاندا خەم دەسڕمەوە
لەنێو... غوربەتدا غەریبی دەکوژم
لەژێر باراندا تۆی خۆشەویستی دەچێنم.
لەنێو شیعردا گۆرانی دەڵێم.
لەنێو...کوشتندا مەسیح ئاسا ڕۆح دەژێنینمەوە
لەگەڵ تۆدا ژیان بەڕەنگی خۆشەویستی جوانتر
ڕەنگاڵە دەکەم

٢٠١٩







باخچەکانت
پێچایەوە

Scanned with CamScanner

ئەوەی ڕۆیشت تۆ بووی
ئەوەی جێهێڵدرا من بووم
ئەوەی هەور بوو تۆ بوویت
ئەوەی باران بوو من بووم
ئەوەی سارد بوو تۆبوویت
ئەوەی تەزیوو بوو من بووم
ئەوەی بەتەنیا بوو تۆ بوویت
ئەوەی تەنیا کەوت من بووم
ئەوەی دڵی برد تۆ بوویت
ئەوەی بێ دڵ بوو من بووم

چاوم بە چاوەکانتەوەیە
تکایە چاوم بخەوە ناو چاوم
سەرم بەدەستی تۆوەیە
تکایە سەرم بخەرەوە سەرسەرم
دەستم بەدەستی تۆوەیە
تکایە دەستم بەرەوە بەدەستم
منت بردووە بۆ خۆت
تکایە خۆم بدەرەوە بەخۆم



Scanned with CamScanner

ڕێگاکانت لەگەڵ خۆت برد
باخچەکانت پێچایەوە
دەنگمت لەگەروتدا ونکرد
گۆرانییەکانت بێدەنگ کرد
من ئەوسا خۆم و تۆ بووم
من ئێستا خۆم و خۆمم
من ئەوسا تۆ و باخچەیەک بووم
من ئێستا درەختێکی ڕووتی تەنیام
من ئەوسا دەریایەکی
پڕ لە وردە شەپۆل بووم
من ئێستا کەنارێکی تینووم

ڕۆژەکان بە پەلە تێدەپەڕن
مانگەکان بە پەلەتر
ساڵەکان بەڕاکردن
من ئەوەندە بەپەلە ڕۆژەکان تێدەپەڕێنم
ئەوەندە ئەوەندە بەپەلەتر مانگەکان
ئەوەندە ئەوەندە بە ڕاکردن ساڵەکان دەبڕم
ئەوەندە خێرا دەژیم بەلای مەرگدا دەڕۆم
فریای ناکەوم بمرم .







Scanned with CamScanner

شەوەکان هەرخۆمم
ڕۆژەکان کەسم لەگەڵ نییە
ئەوەندە تەنیام دەتوانم بەشی تەنیایی تەنیایی
بدەم.
زۆر دەرەنگ دەگەڕێمەوە
کاتێک بەشەقامی دوورو درێژدا
دەڕۆمە شاری خەیاڵ و ون دەبم.



با... گەشتیارە....
دیلی مەکە

Scanned with CamScanner

مەڵێ من شەوم و ژیانم تاریکی
لەتاریکیدا ڕۆشنایی خۆت بدۆزەوە
مەڵێ من شاخم و ژیانم بەردەڵان
بەشی ژیانت نەرمایی چێبکە
دەستت لە پیسییەکان هەڵگرە
شەقام دادگایت دەکات کە ژینگەی ناپارێزی
قەفەس دادگایت دەکات کەدەرگا لە سەر بولبول
داخەیت
تۆ مرۆڤیت.................
دەبێت ئەوە بزانی
قامچی قەرزاری برینە
دەریا قەرزاری بارانە
گوللە تاوانبارە بە مەرگ
پەت تاوانبارە بە سێدارە
تۆ بەرپرسیاری لە ئازار
بەرپرسیاری لەکوشتن
بەرپرسیاری لەدڵشکان
بەرپرسیاری لە سەگێکی برسی
لە لێڵکردنی ئاو
تۆ مرۆڤیت..............

پێناسەی کۆتر فڕینە
پێناسەی ماسی ئاوە
پێناسەی پەنجەرە هەناسەی زیندانە
پێناسەی درەخت ژینگەیە
پێناسەی باران گریانی ئاوە
پێناسەی جەنگ کوشتنە
تۆ پێناسەیەکیت.... مرۆڤیت

بێدەنگی قسەی پێیە بۆ وتن
برسێتی ڕەنگی هەیە خۆی دەربخا
ئازار گۆرانییەکی خەمگینی برینە
تۆ نیگار کێشی قسەی
دەتوانی ڕەنگیان بکەی و بیانکەیتە تابلۆ
پەنجەرە عاشقی ڕوانینە.... دایمەپۆشە
دەرگا حەزی لەڕۆیشتنە.... دایمەخە
دیوار عاشقی وەستانە.... مەیڕوخێنە
با... گەشتیارە.... دیلی مەکە
ئەوان زەوییان کردە دووبەش
نیوەی بەزبڵدان نیوەی بە گۆڕستان




ئەوان تفیان کردە ناوچەوانی خۆیان
شەقیان لە بەختی خۆیان هەڵدا
بەچەقۆ بەربوونە چارەنووسی خۆیان
ئاگریان لە دارستانی ژیان بەردا
تۆوا مەبە
تۆ مرۆڤ بە

ئەگەر گۆرانی نەبێت چۆن لەئازار تێبگەین!
شیعر نەبێت چۆن هەست بخوێنینەوە!
کتێب نەبێت چۆن لەتێگەیشتن بگەین !
کێ بوو پەنجەرەی داخست؟
کێ بوو باڵی کتۆتری بەست ؟
کێ بوو دیواری بۆ زیندان دروستکرد؟
کێ بوو خۆری کوژاندەوە؟
کێ بوو بڵنگۆکانی پڕکرد لەجنێو ؟
کێوو ئازادی ڕیسواکرد؟
تۆ وا مەبە
تۆ مرۆڤ بە.............



Scanned with CamScanner

ئەوان بوون یەکەمین بەردیان گرتە شووشە
یەکەمین دڵمان شکان
یەکەمین برسێتییان داهێنا
یەکەمین ئاگریان بەردایە دارستان
یەکەمین تەقەمەنییان دروستکرد بۆ کوشتن
یەکەمین گۆرانییان تۆراند
یەکەمین شیعریان پڕکرد لە خەم
یەکەمین هەوریان فێری گریان کرد
تۆوامەبە
تۆ مرۆڤ بە....

هەم کڕیار و هەم فرۆشیار
ئەوەی مێژووی بوێت پێ بفرۆشە
ئەوەی زۆری هەبێت لێ بکڕە
بەڵام نەئازادی بکڕە نەبیفرۆشە
شوورەییە ئازادی بفرۆشرێت

تۆ بڵێ..........
من کوڕی ئەوانەم لەشفرۆشن
پزیشکی ئەوانەم نەخۆشن
سێبەری ئەوانەم باوکیان کوژرا
جەستەم پێخەفی بێ جێکانە
دڵمماڵی بێلانەکانە

من.. با..م بۆ ئاوس بوونی درەخت
بارانم بۆ تینویەتی بیابان
مانگم بۆ سەمای شەپۆلەکانی دەریا
کەنارم بۆ هەڵاتووە کۆچەریەکان
نانم بۆ برسی و خەندەم بۆ تۆراوەکان
هەر هیچ نەبم شاعیرم

بڵێ........ مەنووسن دیوار بۆ ئەوەی بۆستن
مەنووسن خەم... بۆ ئەوەی خەمگین بن
مەنووسن زیندان....بۆ ئەوەی بگیرێن
مەنووسن نەخۆشخانە... بۆ ئەوەی نەخۆشبن
مەنووسن سەرۆک.... بۆ ئەوەی کۆیلەبن
مەنووسن کۆچ........ بۆ ئەوەی کۆچەر بن
مەنووسن نان.... بۆئەوەی برسیبن
مەنووسن شەڕ.... بۆ ئەوەی جەنگ ڕوبدات

بەخەتێکی گەورە بنوسن سۆز.... گۆرانی بیلێن
بنووسن ژیان و بژین
بنووسن شۆرش و ئەنجامی بدەن
بنووسن فڕین و بفڕن
بنووسن خۆشەویستی و دڵدار بن
بنووسن ئازادی و تامی بکەن .

٢٠١٨



Scanned with CamScanner



# ئاو بەدوای
# تینوێتیدا ڕادەکا

Scanned with CamScanner

دەمەوێت ببمە کۆتر..... بۆ ئەوەی بفڕم
دەمەوێت ببمە باران..... بۆ ئەوەی ببارێم
دەمەوێت ببمە بەفر
بۆ ئەوەی ڕووی ئەم دونیا ڕەشە سپی بکەمەوە
من پەنا هەندەم و هاتووم
خەمی بێ وڵاتی وەربگێڕمە سەر زمانی ئەوان
پێویستم بە تریفەی پێکەنینە..... بۆ ئەوەی پێبکەنم
پێویستم بەڕێگایە..... بۆ ئەوەی بڕۆم
پێویستم بە چاوە..... تا ڕوونتر لە جیهان بڕوانم

من سەگێکم..... کە برسی دەبێت
باڵندەیەکم..... کە باڵی دەشکێ
گۆرانییەکم.....کە دەتۆرێت
درەختێکم..... کە سێبەریان کوشت
تۆ چیت ئەی مرۆڤ؟

ڕقت لەو هونەرمەندانە بێت..... مۆسیقایان بۆ
جەنگ دانا
ڕقت لەو شاعیرانە بێت..... سرودیان بۆ جەنگ
نووسی
ڕقت لەو ئەندازیارانە بێت.... نەخشەی وێرانکاریان
دارشت

ڕقت لەو گولە بێت..... کە گوڵی شەهید کرد
ڕقت لەجەنگ بێت..... بۆئەوەنا مرۆڤ دەکوژێت
بیر لەکوشتنی باڵندە و ئاژەڵان بکەوە
من وا بیر دەکەمەوە تۆ چی ئەی مرۆڤ ؟

بەتاوانی بڕینی درەخت..... سروشت گریا
بەتاوانی ڕشتنی ئاو..... دەریا هەڵچوو
بەتاوانی شکانی باڵ..... کۆتر لەداخا مرد
بەتاوانی هاویشتن..... بەرد تووڕەیە
بەتاوانی قەدەغە..... خۆشەویستی مرد
من دڵم تەنگە ، تۆ چی ئەی مرۆڤ؟

گەرما سەرمایە دارەکان.....بردیان
سەرما دەوڵەمەندەکان..... پێچایانەوە
ژیان سیاسییەکان..... تالآنیانکرد
زەوی ئاینەکان..... وێرانیانکرد
من دەترسم خۆم لە هەموو ئەوانە حەشار دەدەم
من لە ئاگایدام
تۆ لەکوێی هۆشیاریدای ئەی مرۆڤ ؟

کەکوشتارگەی جەنگەکان دەبینم
خەریکە بیرم دەچێتەوە.....شاعیرم
کە برسێتی و ڕووتی و ئاوارە دەبینم
خەریکە بیرم دەچێتەوە..... میهرەبانی
کە گریانی کچانی خۆشەویست کوژراو دەبینم
خەریکە بیرم دەچێتەوە..... مرۆڤم
ئەی تۆ ئەی مرۆڤ؟

ئاو ئێستا بەدوای تینویەتیدا..... ڕادەکات
کلیل ئێستا بەدوای قوفڵدا..... وێڵە
تاریکی ئێستا بەدوای چرا..... دەکەوێت
من بە دوای یەکسانییەوەم..... جەنابی دادوەر
ئەی تۆ ئەی مرۆڤ ؟

وابکە بەیانیان..... سڵاو لە خۆر بکەیت و
دەست بەسەری گوڵدا بێنی
وابکە حەوز..... بکەیت بە دەریا دڵی ئاو مەشکێنە
وابکە قەفەز بکەیتە ئاسمان
چەپڵە بۆ فڕینی کۆترێک لێبدە
وابکە پەنجەرە بەڕووی ژووردا..... بکەیتەوە

تا ڕووناکی خۆی بکات بە..... ژووردا
وابکە دەرگا بخیتە سەر پشت
تا ئازادی هاتوو چۆ بکات
من ئەمانە دەکەم
ئەی تۆ ئەی مرۆڤ ؟
من دەگەڕێمەوە بۆ گوندەکەمان
لەوێ گشت زەوی..... پارکە بۆ دانیشتن
ئاسمان ئازادە بۆ.... فڕین
درەخت لانۆچکەی دڵنشینی.... باڵندەکانە
با"ی ، ئەوێ هێشتا ئاشنا نییە بە فایرۆسی
مۆدێرنە
مرۆڤ نەکەوتۆتە ناو تۆڕی مۆدێرنەوە
سروشت لەشی پیس نییە بە ژەهراوی کارگەکان
خودا بەیانیان سەری میهرەبانی دەکات بە هەموو
ماڵێکدا
من دەڕۆمە کەژو پێدەشتەکان
بەرچنەیەک پڕ دەکەم لەڕەنگ
بریاسکەیەک لە جوانی
زەرفێک لێوڕێژ دەکەم لە تابلۆی

کانیەکی بەرتریفەی مانگەشەو*
من هێشتا مۆدێرنە نیم و وەک نالی
دەڕۆمەوە بۆ ناو گوڵجاری بۆنی سمڵ و مێخەکی
عەمبەر خاتوونێکی تازەی گوندەکەمان

٢٠١٨

* کانیەکی بەرتریفەی مانگەشەو.... دێڕێک شیعری مامۆستا گۆرانە



# ئەبێت
# بەخۆشەویستم

من شەرمن تر لە بێدەنگی
وردە شەپۆلەکانی نێوجۆگەیەکی تەنیا
تەنیاتر لەوەی نامەیەکی دڵداری
لە شەوێکی ئاگرینی عاشقبوونما نەنووسراوە
چاوەکانم وێنەی ئەو .. و.. ئیوەو .. ئەوانشی
بۆ حەزیکی خۆشەویستی نەکێشاوە
بۆچی هاتووی
هاتووی ئەبیت بەخۆشەویستم؟

ئەی نازانی
من پیادەڕەوێکی بێئاوڕی سەر شەقامم
هەتا ئیستا نیگاکانم خورپە دڵێکی دانەخورباندووە
لێوەکانم نەک هەرماچێک
چرپەیەکی دڵدارانەی نەدرکاندووە
تەنیا خۆم هاوڕێی خۆمم و
خۆم خۆشەویستی خۆمم.
لەوەتەی هەم دڵداری
لەگەڵ خۆم دەکەم
بۆچی هاتووی
هاتووی ئەبیت بەخۆشەویستم؟



Scanned with CamScanner

لەوەتەی هەم بۆ تۆ دەگەڕێم
نازانم کێی؟
چۆنە دەنگت؟
لە ئاوازی چ فریشتەیەک دەچێ ؟
چۆنە ڕەنگت
لە کام تازە خولقێنراو دەچێت؟
من نازانم چاوەکانت.. بارانی ئەوینیان تیایە
باڵات بۆم دەبێت بەسیبەر
خۆزگە جارێ لەژووانیکا ئاشنا دەبووین.
تا بزانم ئەوە تۆ کێت کە هاتووی
وا ئەبێت بەخۆشەویستم ؟

خۆزگە یەکجار ئەهاتیت و
ئەتوتت سڵاو
تا بزانم تۆ کێی هاتووی
هاتووی ئەبێت بەخۆشەویستم؟
ڕەنگە تۆبیت کەجار جارە
لەسەر سوچی کۆڵانی خەیاڵ دەردەکەویت
ڕەنگە تۆبیت
کەهەفتانە نامەیەک هەڵدەدەیتە باخچەکەوە
ڕەنگە تۆبیت شەو نا شەوێک

لە زەنگی دەرگاکە دەدەیت و دەڕۆی
ڕەنگە تۆبیت لەلای دایکم
دیاریەکت بۆ داناوم
ڕەنگە تۆ کە گتووتە
ئەو شاعیرەی کە ئەم شیعرانەی نووسیوە
شاعیری منە وکەچی قەت نایەی بمدوێنی
نایەت لە نێو جێژوانێکا تاسەی ئەم حەزەم بشکێنێ
ڕەنەگە تۆبیت
لەلەسەر دیواری ماڵەکەمانت نوسیووە
ئەوە منم فریشتە ژنم
خۆشم دەوێیت ئەی ئەوپیاوەی هەر لە فریشتەی
خوا دەچی
تۆ ئەبیت بەخۆشەویستم؟

***



# خۆزگە

نەرم لە دەرگای دڵ دەدەیت
ناسک و نیان بانگم دەکەی
لەوڕۆژەوەی نەتبینیووم
لەو ساتەوەی چرپەیەکت لێنە بیستووم
سەر سەختانە یادم دەکەی
دەزانم چەند خۆشت ویستووم.
دەزانم تۆ وەکوو جاران
وەک سەرەتای دڵداریمان
حەزدەکەی بێمەوە ژووان
حەزت لە پیاسەی بەیانی و
هەورێکە تەڕ تەڕە بە باران..
بە بێ چەتر دەست لەمل یەک
ناوە ناوە گۆنات ماچ کەم بڕۆینە گەڕان

هۆگولە خۆشەویستەکەم
جگە لە چاوی تۆ شیعر من چیم هەیە
خۆم سویند دەدەم کەئیستاکە عاشقترم
بەگوڕترم... گەرمترم
ناخم پڕە لە خۆزگەی جوان
شیرینتری بروابکە خۆشمدەوێی زیاد لە جاران
***


نەوبووك

تۆ... پێت بەخشیم خۆشەویستی
کە....چی هەرخۆت ناسکترین خەمت پێدام
وەختێ... ڕۆیشتی
بەشوێن شوێنپیکانتا گریام
ئای...لە بێدەنگی ئەوساتە
باڵی کێشابوو لەمشارە
نەکوخێکی ئامێزی کەس
نەهێلانەی دڵەکەی تۆش
نەیگرتە خۆ منی تەنیا ..منی دوور لەتۆی ئاوارە
ئای...بۆ ڕوانینی بێنازیم
لە شەقام ڕێ و ..
لەڕوانینی نێو پەنجەرەی کۆشکەکانا
تەنیا دیدەی پڕ تاسەم بوو شینی کرد لەتاوانا
وای لەو ئازارە شیرینەی
لێوان لێو بوو لەژانی پڕ خۆشەویستی
وای... لەو نورەی کە لەڕۆحما
کڵپەی دەسەند دەیسوتانم
ئەزانم چاوت لەڕێمە...
ڕۆژی هەردێ کەبێتەوە ..
ئەی.. ئەو بووکی تازە خونچەی
هەردەم بوخچەی نەکراوە
***



Scanned with CamScanner



# بۆم مەگرێ

Scanned with CamScanner

بۆم مەگەڕێ..... هێندە ون نیم
من وام....لە نێو کوچەو کۆڵانی خەیاڵتا
من وام...لە نێو ئارشیفی یادەوەریەکانتا
من وام... لە نێو قسەی نامە کۆنەکانتا
من وام..... لەنێو تەنیایی گشت شەوەکانتا
تەنیا ئەوەندە لێت دوورم
هێندەی مەودای سێبەری خۆت .
لەلام سەیرە بۆم دەگەڕێت
گیانە... کەوا ساڵانێکە
لەنێو لانکەی دڵی خۆتا ڕامدەژەنی... ژیرم دەکەی
ڕێی ڕۆیشتنت لێسەندووم کەچی تازە کۆتم دەکەی .
بۆم مەگەڕێ
لەهەرجێیەک هەورێکت دی تاو...تاوی باری
مەڵی هەرگیز ناتدۆزمەوە
بەو گریانە بم ناسەوە
کەوەرزی باران نییەو دەگریم
لە هەرجێیەک
گڕە با....یەک پێشی بەڕۆیشتنت گرت
ئەوە سینەی گڕگرتوومە گڕی هەناسە دەردەدات
لەهەر جێیەک شێتێکت... دی خەنیەوە لەبەردەمتا



Scanned with CamScanner

ئەوە منم کەچەند ساڵە چاوەڕوانیم پەیکەرێکە لەنێو تەمدا

من ئەوەتام...وام لە وێستگەی چاوەڕوانی

وام لە پێشوازی هاتنت و بەخشینەوەی کامەرانی

بۆم مەگەڕێ من هەر لێرەم

لەسەر ڕەو ڕەوەی ئازاری

ئەم بەختە پڕ لە هەڵدێرەم

****





# باران

نەرم ڕۆیشت لەتەنیشتما
دەخەنیەوە لێوی قرنجان
چەترەکەی گرت بەدەستیەوە
نەک.... لەترسی نمەی باران
نەک.... لەترسی خۆرەتاوی گەرمی ئاسمان
دەمیک بوو منی نەدیبوو
بەتاسەوە...لێوی هێنا
نەرم نەرم گڕی ماچی لە سەر لێوم داگیرسان
لە سوێی چێژی شادبوونەوەو تێک ئاڵاندا
هێندە مەست بوو بەلاداکەوت
لەپاش کەمێ بەپلەپەیژەی ئەوینا
تا ئاسمانی عیشق سەرکەوت
تا گەیشتە تیشکی هەتاو
ئاسمانی لەڕەنگ هەڵکێشا
بەشینای دوو سۆمای چاو
جەستەی سپی ودوو لێوی کاڵ
گۆنای سووری ئەو خۆشەویستە شیرینە
بوو بە سەرنجی گشت خەڵکی بە چەشنی پەلکە
زێرینە
ئەم دیمەنە لەنێو شاری بەگوناه زان
وەکوو شانۆ لە دەورماندا
کە ئێمە ڕێچکەمان شکان
دەنگ چەپڵەو پێکەنیان گەیشتەئاسمان
****



## گوڵهەتاو

ئەی گوڵ هەتاو
تۆ ئەو هەورە دەبینی وا بەسەر خەمەکانمەوە
تاوێکی تر لەچاوانما بەتۆف و شەستە دائەکا
تۆ مەلی زەردەخەنەکانم دەبینی هەڵدەفڕن
ڕوو لەنامۆ سەفەردەکا
گەڵا تەمەنم دەبینی لەوەرزی فیراقی تۆدا
لەباڵامەوە دەوەرێ
دەی خۆ ئێستا لەنێو چوارچێوەی شکستا
جگە لە عاشقێکی پەڕاگەندە و ماندوو لەچاوەڕوانی
سۆزێک
هیچی دیکەم لێ سەوز نابێ
گوڵ هەتاو گیان
دە.... خۆت بڵێ:
چی تاڵترە لە فیراقت
چی بەئازار ترە.. لەون بوونت
شتێک بڵێ ..
ئەوەتا.... باخ
بێ باخەوان چەند ژاکاوە
ئەوەتا زەوی بەبێ باران
لێوی لەوشکی قڵشاوە

بێ ئارایشت و ڕەنگی تۆ
لەبەهاو وەرزی پایز
هیچ جیاوازیەک نەماوە .
دە...دەی سەرێک بدەوە
لەم گیانە بێ تۆ بێلانە
ئالەو ڕۆحەی بەبێ بوونت
چەند بێزارە لەم ژیانە
تەماشاکا لەنێوەندی شەقامێکا
شێتێک بڵند هاوار دەکا
ئەوە منم
ئەوە منم... منی بێ تۆ لەخۆم... ونم
منی بێ تۆ لەگیانی خۆم کە دوژمنم
کەس ئاوڕێک ناداتەوە
کەس دەرگای سۆز ناکاتەوە
ئەوە منم
منی بێ تۆ لەخۆم... ونم
****







گومان

ئیتر پێم مەڵی خۆشەویست
پێویست ناکا..
بیستووتانە......گوڵ لە باخەوانەکەی ڕاکا
بیستوتانە.... چاوی کەسێکی بێوەفا
تەمی هەوری لێنیشێ.... و لەساتی ئازارا داکا"
ئەو ئێوارانە دەمکوژێ
لەگەڵ تۆدا پڕ لە پاقای پێکەنین بوو.
بۆمن گومان و پڕترس
بۆتۆش ساتێکی شیرین بوو.
ئای.....لەمنداڵی ئەو کاتەو
وای..... لە ئێستای گەورەبوونم
هیچ شک نابەم لەگەڵ تۆدا
جگە لە گەلێک ئازار و ئەلبومێک یادگاری ونم
ئتر بەسە..... ئازار دانم ..
بەسە.....فرمیسک پێڕشتن
هەموو ژینمت کردبە مەراق
ژاکاندوتە گوڵی تەمەن
وازیش ناهێنی تا مردن .
وەک پاساری سەر هەڵکەنراو

لە عەزرەتا هەڵدە پەڕم
من وا گیانم گێن گڵ دەدا
لێم دەگەڕێت یان بەگشتا بکەم خودا.
دە...واز بێنە لەو تەمەنە کەمەی ماوە
بەخەمێکی پایزانە مەیوەرێنە
ئەویش مەدە بەدەم باوە
دڵم نایە دوعات لێبکەم
دوعای شاعیر زوو گیرایە
بیرت نەچێ شاعیر شێتە
شێتیش خۆشەویستی خوایە
***









ئیتر تەواو

Scanned with CamScanner

نا.نا... ئیتر...... من ناتوانم
چەشنی جاران
گەر.... تورە بوویت گەر.....لێم تۆرایت
گەر.... بەبەبێ هۆ دڵمت شکان
ماچت کەم تا... ئاشت بیتەوە
بێگەردانە بێتەوە ژووان.
ئەزانی تۆ
کە وەختێ ڕۆشتی لەسەرخۆ
ئەوەی جێت هێشت خەم و خەفەت، ژان و زووخاو
تازەخۆ چاک نابیتەوە دڵی شکاو
دەتۆ بڕۆ
بڕۆ گیانە ئیتر تەواو......
***

نا..ئیتر ..نا.... من ناتبوورم
لە گوناهی خۆشەویستی
لە پاک نەدوان لە خۆت ویستی
لەگەل مندا نەک هەر خاوەن بەڵێن نەبووی
نەک هاوڕازو دڵدار نەبووی
هەتا سەر وەفا دار نەبووی
من بەم هەموو کۆژانەو خۆشم ویستی



Scanned with CamScanner

کەچی بۆ جاریک لە جاران

ئەوەت نەکرد دڵم ویستی

بێوەفا.... گیان

تۆی بێدەربەست

تەلاری ئەو عەشقەت ڕووخان

کردت بە وێرانەی جیماو

لێت نەپرسیم بۆچی هەر گیز وشک ناکا

چاوی پڕ لە خەمی گریاو

دەواز بێنە...

بێوە فا گیان

بڕۆ توخوا.... ئیتر.... تەواو.....

***

گیانە چیتر یادت ناکەم

کام یادانە؟

ئەوەی بۆ من...بیرەوەری و سزادانە

ئەو یادانەی کە لێو ڕێژن

لە ناخۆشی و نامورادی

ئەوەی هەر خۆم باش دەزانم

چەندم ئازار لە دەستییان دی

گیانە بهێڵە بسرەوم
دە واز بێنە لەمنی تازە دڵ شکاو
لەمنی پاشماوەی زوو خاو
تەنیا بەوە لێت خۆش ئەبم
بێیت و بڵێیت
خوا حافیزبێت...ئیتر تەواو... ئیتر تەواو
****


ئاگر

ئای.. لەو خەمە شیرینەی من
سبەی دەڕۆیت... بۆ باوەشی شارێکی تر
منیش لەوەتەی بیستوومە... ئەڵێی ئەوەتام لەسەر ئاگر
تۆ کە چەند جاری تر ڕۆشتووی
چەشنی ئێستا هەرگیز ترس داینەگرتووم
وەکوو ئێستا هەوری خەمێک
ئاسمانی چاوی نەگرتووم
دوور لە گیانت
بەچاوی تۆ هێندە کزو بێتاقەتم
ئەڵێی نیوە گیان و مردووم
ئای لەو خەمە شیرینەی من
لە دوێنێوە کە بیستوومە سبەی دەڕۆیت
نەنانێکم پێدەخورێ
نەزاریشم قسەی باشی پێدەوترێ
نەدەستیشم وەک و جاران پێنوسێکی پێدەگیری
نە پێکانم هێزیان ماوە شەقامی ڕووەو تۆ بگرێ
تۆ لێم مەگرە کە دوور لە تۆ بێتاقەت بم
تۆ لێرەبوویت من
بەو چەشنە دەتوامەوە
ئەی دور لەتۆ
ڕۆژی چەند جار بەساقەت بم.. بەساقەت بم ..
****



# خۆشەویست گیان

Scanned with CamScanner

شیرینەکەم من لەدووریت
ئەو ڕۆژانەی تێدەپەڕێت
هیچ هەواڵێکت نابیستم
کزو و بیزار و نەخۆشم
بڕوام پێبکە
تەنیا ترم لە تەنیایی
کە من دەستم نەگا بەتۆ
کە بیستنم ئارام نەکا
قا قا و نەرمە ئەوینە گۆ
ئەو ساتانەی بۆ بینینت
هێند پەرۆشم
هەرگیز لەلات سەیر نەبی
شەڕبەبوونی خۆم دەفرۆشم
***

چەند پایزی جوانی خەزان
چەند بەهاری ڕازینراوە
بەگوڵە ئەوین بۆدیاری
من ماخۆلان لە گیانمایە
خۆشەویست گیان...
شوێنک نییە ئاسودەم کا
بۆ تەنیایم بێتە جێژووان
****

عاشقێکم کەس گوێ
لە ڕازی من ناگرێ
من بەم هەموو کۆژانەوە
بەم دڵە ئاگردانەوە
دوور دوور لە تۆ
ئاخۆ لەکام پەنا و پاسار
دڵی پڕ لە زام و ئازار
بەمەراقی بینینەوەی تۆی زۆر نازدار
سەکتە دڵم بوەستێنێ
لەگەل خۆما
سەدان خەونی جوانی هەبووم
بیدەنگ بمرێ
****

خۆشەویست گیان
بڕ وابکە
زۆرم تەنیایی چەشتووە
زۆرم بارانی دیدە ڕشتووە
نیگای حەزی گەلێ جوانم
بەڕووی مۆنی دڵ نەویستەم
بێ بەشیمانی کوشتووە
بەڵام... گیانە
هەتا ئێستا نەچرپەیەک

نەهەواڵی گەڕانەوەت
نەشەپۆلی سۆزێکی نوێت
بەکەنارم نەگەشتووە
****

من چیبکەم
ئەو خەیاڵەی کە ئێستا لەلام گومانە
ئەو خەیاڵەی کەجار جارە
یەخەم دەگری دوژمنانە
ئەترسم منت لە بیرکردبی و
دڵت بۆ کەسیکی تر
کردبێت بە ئارمگا و لانە
****


خۆشەویست گیان
ئەی ئەوکەسەی کە بەس خوام نیت
ئەی ئەو عیشقەی
هێزی ئارامیت پێداوم
لەگەڵ ئەوەش جێتهێڵاوم
من بەو ترسە
تێک شکاوم
کەی دێیتەوە
باوەشت کەم
بۆنت بکەم
تاسەی ئەم دوورییە بشکێنین
ئەی شیرینتر لەدوو چاوم.



وێنە

Scanned with CamScanner

لەماڵی ئێمەدا تەنیا وێنەی
سەرۆکمان لێکردوە فڕێماندا
ئاخر
هەرکات منداڵەکان
برسیان دەبوون دەگریان
ئێمە بەغەمباریەوە دادەنیشتین و
ئەو هەر لە ناو
وێنەکەشیدا پێمان پێدەکەنی




# گۆڕستانەکان

بارودۆخی مردوەکان باشن
ئەوەی باشنین زیندوەکانن بەدەم گۆرانی گوتنەوە.
سیروان و زەڵم
دوو چاوگی گریانن بڕن لە مرواری خەم و
خۆزگەی خنکاوی عاشقانی ئەم دەڤەرە
هەموو دەرگاکان داخراون
تەنیا دەرگای نەخۆشخانەو
گۆڕستانەکان واڵان
لەوانەیە سبەینێ پۆلێک منداڵی هەتیو
بەکۆرس چەند تراکێک سترانی گریان بڵێن
لەوانەیە دووسبەی پۆلێک نەخۆش
کۆتای بەگۆرانی ئازارەکان بێنن و
لەژێر سێبەری درەختێکی گۆڕستان دا بنون
باوکم شەهید بوو
سەرۆکی فەرماندە یەکجار خەمگین بوو
بەڵام دایکم، هەتا ئێستاش
لەهەر شوێنێکیماڵەکەدا
بۆنی باوکم، و شوێن پێکانی هەبێت
لەوێدا دادەنیشێت و دەست دەکات بەگریان
***
منداڵ :لەدەشتەوشکەڵانەکانی گەرمیاندا کانی هەیە؟
مامۆستا: نا
منداڵ: من هەموو بەیانییەک جۆگەیەک ئاو لەبەردەم ماڵی
میمکە نازداردا دەبینم
***
من گیانم کردۆتە گۆڕستان
بۆ ئەسپاردەی ئێسک و پروسکی
ئەنفالەکان




Scanned with CamScanner



# باوکم

باوکم کرێکار بوو
هەرکاتێک ئارەقەی ناوچەوانی دەسڕی
تەڕاییەکەی ون دەبوو
کە گەورەبووم تێگەیشتم
ئەو ئارەقانەکەوتونەتە ناو درز و شەبەقی
دەستەکانییەوە
چەند جار
جێگە برینەکانیشی کزاندۆتەوە.




Scanned with CamScanner

رووبارێک بەتەنیشتماندا
بەو هەموو شەپۆلەوە
لەسەر خۆ دەرۆیشت
ئێمە هێشتا تینوێتیمان
بەمرواری و یاقوتی شیعر نەشکا
ئەو....وشکی کرد

بارانێک بەخور و
تاو تاو
نمە نمە دەباری
ئێمە هیشتا کێڵگەی رۆحمان
پاراو نەبوو
ئەو ئاسمانی ساماڵ کرد و
هەوری بارانی شیعری بەرەو جێگەیەکی دووربرد
خۆرێک بەیانیان
نیوەروان و ئێواران
تەنانەت شەوانیش نووری دەبەخشی
کەچی تەمی مەرگ
لەخۆی ئاڵاندن و




Scanned with CamScanner

خامۆش خامۆش کوژاندیەوە
پیاوێک لە ناو باخچەکەدا
ڕاکشاوە
چاوی لەڕاموسانی دڵدارانە
ناوە ناوە شیعر دەڵێ
ناوە ناوە پێدەکەنێ
کە ئازادی بۆتە باخچەو
باخچەکەش بۆتە ئازادی
ئەو شاعیرێکە
ناوی شێرکۆ بێکەسە

٢٠١٨



# من دەستەکانم کۆنن



Scanned with CamScanner

دەستم هەیە .... لە جوانکردنی خۆم
لە تێکدانی ژیانم
ئازاردانی ئەوان
لە خۆشکردنی ژیانت
دەستم هەیە... لەنووسینی نامەیەکی دڵداری
لەڕاپۆرتێکی خراپ
لە کوشتنی مێروولە یەک
لە بەخێو کردنی ئاژەڵێک

*

دەستم. هەیە... لەدروست کردنی
پردێک،
ڕێگایەک،
هێلانەیەک، خانوویەک،
شۆستەیەک،
ڕازاندنەوەی باخێک،
بەپێچەوانەشەوە لە تێکدان و وێران کردن و
سوتانیان.

*

دەستم هەیە... لە سارێژ کردنی بڕینی
مرۆڤێک،
ئاژەڵێک،
باڵندەیەک.
بەپێچەوانەشەوە
لەسەر بڕینی سەری ئاژەڵێک و
شکاندنی باڵی باڵندەیەک و دڵی مرۆڤێک.
*

دەستم. هەیە... لەدەرهێنانی کەسێک لە چاڵێک
لە پاڵپێوەنانی کەسێک بۆخەرەندێک
لە خاوێن ڕاگرتنی ژینگەو چاندن و ئاودانی
درەختێک
لەشکان و ناشرین کردنی سیمای دەورو بەرم.
لە خستەسەر کورسی دیکتاتۆرێک
لە لابردن و کوشتن و زیندانی کردنی ئەویش.
*

ئەم دەستانەم کۆنن...
پڕن لە میهرەبانی و قین
لەچەپڵەو تەقاندنی فیشەک





له تەوقە و وەشاندن
له بەخشین و لێسەندن
له ئازادکردن و گرتن
پڕن له کرانەوە و داخستن
له هەوێن و ترشان
له ئازادی و دیلی
له دادپەروەری و ستەم
من دەبوو دەستم...
لەهەموو جێیەک هەبووایە و
نەمبوایە
وەربدایە له هەموو شتێکدا و وەرم نەدایە.
من دەبوو دەستم...
لەهەموو شکانێکدا هەبوایە و نەمشکاندایە.
لەهەموو جەنگێک دا و نەبوایە.
له هەموو نزایەکی خێرو شەڕ و نەبوایە.
*

مرۆڤ دەستی لێ بستێنەوە
نازانێت بخوات
ناتوانێت بنوسێت

ناتوانێت شەڕبکات

ناتوانێت قژی ژنەکان ڕابکێشێت

ناتوانێت میکیاژ بکات

دوورە لە کردەی دەستدرێژی

ناتوانێت هەڵزنێ

دەست ئاشوبێکە کە هەبێت

*

ژنێک دەناسم دەستەکانی جوانن

دەستی هەیە لە خستنە سەری مەمکی بۆ دەمی

منداڵەکەی

لە ڕازاندنەوەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی

لەخۆشسازی خوانی کەیبانوێتی

لە ئاودانی ئینجانەی گوڵەکان

لە ئازاد کردنی عەندەلیبی ناوقەفەس

لە گەمە کردن لەگەڵ سەگێکی بێ دایک

لەڕاخستنی جێگا بۆ چێژی سەر جێی

لە دڵخۆشی و پێدانی زەردەخەنە بە پیاوەکان

*

هەموو جەنگەکان لە دەستێکەوە دروست بوون
هەموو سێدارەکان دەست هەڵیخستن
هەموو ڕەزکان ، باخەکان ، خانووەکان ،
دەست ڕوخاندنیان و سوتاندنیان و بڕیاننەوە .
هەموو ئاوەکان دەست لێڵی کردن
دەست چ ئاژاوەیەکە پێمانەوە .

*

من جوتێک دەستم هەیە
بۆ ناشتنی نەمامێک
بۆ گرتنی چەترێک
بۆ پەڕینەوەی نابینایەک لە شەقام
بۆ ئاودانی درختێکی تینوو
بۆ تیمار کردنی چۆلەکەیەکی زامدار
بۆ لە ئامێز گرتنی منداڵێکی دایک شەهید
بۆ دروستکردنی هێلانەی کۆترێکی تەنیا
بۆ کولانەی سەگێکی وەیلان
من دەستەکانی خۆمم خۆش دەوێت
مرۆڤ پێویست نییە دەستی لە هیچدا هەبێت
جگە لە جوانی و میهرەبانی .

بۆتۆ

باخ  بە گوڵەکانەوە دەهێنمە ژوورەکەم

ماڵەکەم  پڕ دەکەم لە جریوەی گۆرانی و

قسەی دڵ

دڵم پڕ دەکەم لە پۆلێک چۆلەکە و

هێلانەی دوو کۆتری دڵدار

لە باخێک پەپوولەی شین

جگە لەتۆ

کەسێک نییە بانگم بکات

گوڵی ئارەزووەکانم بچنێ

لەودیوو تۆوە  کەسێک نییە

حەزی گۆرانییەکم بداتێ بۆ چڕین

ئەوانەی هەن

تارمایی بەر پەنجەرەیەکی تەمگرتوون

BAXÊK PEPULEÎ ŜÎN



Hèmin Berzincî

Scanned with CamScanner